# ژنەکەی جنێوی پێ دەدات و هەندێک جاریش لێی دەدا و داوای تەڵاق دەکات لەکاتێکدا پیاوەکە نایەوێت لێی جیا بێتەوە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ موحەمەد ساڵح المنجد


وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1436

IslamHouse.com

# زوجته تسبُّه وتضربُه وتطلب منه الخلع وهو لا يريد فراقها

« باللغة الكردية »

## الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: عبدالسلام محمد البشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# ژنەکەی جنێوی پێ دەدات و هەندێک جاریش لێی دەدا و داوای تەڵاق دەکات لەکاتێکدا پیاوەکە نایەوێت لێی جیا بێتەوە

ئـەم پـرسـیــارە ئـاڕاسـتـەی ماڵپـەڕی ئـیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : ژنـەکـەم هـەڵسوکـەوتـی لـەگـەڵمدا زۆر خراپـە، دەنگم بـەسـەردا بـەرز دەکـاتـەوە، وجـێـنـوم پـێـی دەدات، هـەنـدێك جـاریش لـێم دەدات، لـەوەش غـەریب تر ئـەوەیـە پـێم دەڵـێت : خـۆشم دەوێت، بـەڵام ئـێستا داوای ( خلع ) جیابوونـەوەم لـێ دەکـات _ بـەوەی دەست هـەڵدەگرێت لـە هـەموو مافێکی خـۆی و منیش تـەڵاقـی بدەم _ چونکە ژنـەکـەم فـەتـوایـەکـی خـوێنـدووەتـەوە کـە دەڵـێت : ژن بـۆی هـەیـە داوای ( خلع ) بکات لـە پیاوەکـەی ئـەگـەر زانـی مافی پیاوەکـەی جێ بـەجێ ناکات، جا ئـێستا ژنـەکـەم پـێم دەڵـێت : من

ناتوانم ڕێزت بگرم و بەگوێت بکەم، ئایا پرۆسەی ژنهێنان گرێبەستێکی گران وقورس نییە لای خوای گەورە ؟ ئەی باشە ئارامگرتن کوانێ؟ ئایا هەر بەم ئاسانیە ژن واز لە پێکەوە ژیانی حەوت ساڵ بهێنێت؟ باشە من ئێستا چی بکەم بە تایبەتی چووم بە تەمەندا و ناتوانم بگەڕیم بە شوێن ئافرەتێکی تردا؟ ئایا ئێوە هەست ناکەن لەم بارەیەوە لە فەتواداندا تەسهیلات و ئاسانکاری دەکرێت ؟ چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری و ژیان پێکەوە لەسەر ئارامگرتن بەندە، جا ئەگەر وابێت زۆربەی زۆری ژنەکان داوای جیابوونەوە و (خلع) دەکەن؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان درود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

دروست نییه ئافرەت بەبێ هۆکارێکی دروستی شەرعی داوای تەڵاق بکات لە پیاوەکەی، ئەبو داود و تیرموذی و ابن ماجه لە ثەوبانەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتیان کردووە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا طَلَاقًا فِي غَيْرِ مَا بَأْسٍ : فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّة » [ أخرجه أبو داود (٢٢٢٦) ، والترمذي (١١٨٧) ، وابن ماجه (٢٠٥٥) وصححه الالباني في صحيح أبي داود ] واتا : هەر ئافرەتێك بەبێ هیچ هۆکارێك داوای تەڵاق بکات لە پیاوەکەی، بۆنی بەهەشتی لەسەر حەرام دەکرێت .

هەروەها دروست نییە ئافرەت داوای ( خلع ) بکات لە پیاوەکەی بەبێ هۆکارێکی دروستی شەرعی _ واتا : بڵێت بە پیاوەکەی من دەست هەڵدەگرم لەهەرچی مارەیی و مافی خۆمە بەرامبەر ئەوەی تۆ تەڵاقم بدەبت _ ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەی : عن عقبة بن عامر ( رضي الله عنه ) مرفوعا إلى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) قال : « إن المختلعات هن المنافقات » [ رواه الطبراني في " الكبير

"(٣٣٩/١٧) ، وصححه الألباني في " صحيح الجامع " برقم (١٩٣٤) ] واتا : بێگومان ئەو ئافرەتانەی داوای ( خلع ) دەکەن ئەوانەن دوورووەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بزانین ئافرەتان بۆیان هەیە داوای ( خلع ) و ( تەڵاق ) بکەن ئەگەر هاتوو هۆکاری دروستی شەرعی هەبوو.

جا برای بەرێزم: جا ئەگەر ژنەکەت دان نانێت بە مافەکانی تۆدا و واجبەکانی سەرشانی بەرامبەرت جێ بەجێ ناکات، ومامەڵەی لەگەڵدا زۆر خراپە، وڕێزت ناگرێت، وگەورەیی و شکۆت ناپارێزێت، ووەك خۆت دەڵێیت لێت دەدا، وئیتر چی شتێك وات لێ دەکات بەردەوام بیت لە ژیان و گوزەران لەگەڵیدا؟ وە چی شتێك وا لە تۆ دەکات سوور بیت لەسەر هەڵوێستێکی لەم جۆرە ؟ لەگەڵ ئەوەدا دەست درێژیت دەکاتە سەرت ومافەکان ڕەچاو ناکات و واجبەکانی سەرشانی بەرامبەرت جێ بەجێ بکات.

ئەوەشی کە ژنەکەت دەڵێت کە گوایە دروستە داوای ( خلع ) بکات هەرکاتێك ڕقی لە پیاوەکەی بوویەوە و ترسی ئەوەی هەبوو کە سنوورەکانی خوای گەورە جێ بەجێ ناکات، ووتەیەکی دروست و ڕاستە و قورئان وسوننەتی پاك وبێگەرد بەڵگەن لەسەری.

جا هەرکاتێك ئافرەت داوای ( خلع ) ی لە پیاوەکەی کرد، بەڵام پیاوەکەی ڕەفزی کرد وپێی ڕازی نەبوو، زانایان لەم بارەی زۆر کردن لە پیاو بۆ ئەوەی ڕازی بێت بە داوای ژنەکەی ڕایان جیاوازە، کۆمەڵێك لە زانایان بەلایانەوە وایە زۆر لە پیاوەکەی دەکرێت کە ڕازی بێت بە داواکاری ( خلع ) ی ژنەکەی .

بە نسبەت ئەوەی کە دەڵێیت هاوسەرگیر وزەواج لەسەر ئارامگرتن وچاوپۆشی کردن دادەمەزرێت ئەمەش هەر ڕاستە و هیچ گومانی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر هاتوو ژن وپیاو هەردوولایان ڕێك کەوتن لەسەر ئەمە، بەڵام ئەوەی لە بارودۆخی تۆدا هەستی

پێ دەکرێت ئەمەی تێدا بەدیٚ ناکرێت، چونکە ژنەکەت حەز ناکات لەگەڵ تۆدا ژیان بەسەر بەرێت وڕا دەکات لێت، و دەڵێت: کە ناتوانێت سنووەرکانی خوای گەورەت لەگەڵدا بپارێزێت، هەروەها تۆیش بەهۆی بێگوێی و سەرپێچیەکانی ئەوەوە تووشی ئەزیەت و ئازار هاتوویت، بۆیە هەردووکتان لە دەستی یەك نارەحەتن و وبێ تاقەتن لەوی ترتان، ئیتر پێمان ناڵێیت چی بەرژەوەندیەك لەوەدایە هاوسەرگیریەکەتان بەردەوام بێت؟ ئایا بەردەوامی هاوسەرگیریەکی لەم شێوەیە جگە لە نارەحەتی گیان و ژیانێکی کولە مەرگی چی باشیەکی تێدایە بۆتان ؟ ئەوەش بزانە هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە شەریعەتی پاکی ئیسلام تەلاق و ( خلع ) ی وەك چارەسەرێك داناوە.

ئامۆژگاریمان بۆ جەنابت لەم بارودۆخەدا ئەوەیە بە باشترین شێوە لەگەڵ ژنەکەتدا هەڵسوکەوت بکەیت و لەبەر خاتری خوای گەورە ئامۆژگاری بکەیت، و سزا و تۆڵەی خوای گەورەی بە بیر بخەیتەوە، هەروەها ئەو ماف و واجبانەی بۆ ڕوون بکەرەوە کە

خوای گەورە لەسەری پێویست کردووە، چونکە ئەو ئەرك و واجبانە خوای گەورە بە گرێ بەستی هاوسەرگیری واجبی کردوون لە نێوانتاندا، کە ژنەکەت لەسەرتاوە بە هەموو ئیرادەیەکی ئازادی خۆیەوە پێی ڕازی بووە و ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەری، جا ئەگەر هاتوو گوێ بیستی ئامۆژگاریەکانت بوو و ڕەزامەند بوو لەسەری ئەوە نیعمەتی خوای گەورەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕازی نەبوو و هەر سوور بوو لەسەر هەڵویستی خۆی، ئەوە هیچ دوو دڵ مەبە لە تەڵاقدان و ڕازی بوون لەسەر ( خلع ) بۆی .

ئەوەش بزانە دەرووی خێر  و فەزڵی خوای گەورە زۆر فروانە ، و زۆریش نزیکە، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَإِنْ يَتَفَرَّقَا يُغْنِ اللَّهُ كُلًّا مِنْ سَعَتِهِ وَكَانَ اللَّهُ وَاسِعًا حَكِيمًا ﴾ [ النساء : ١٣٠ ] واتا : خۆ ئەگەر ژن و مێرد لەیێک جیاببنەوە (بەگوێرەی شەرع و بەرنامەی خوا ) ئەوە خوا هەریەکەیان شادو بێ نیازو بەختەوەر دەکات، لە بەخشینی فراوانی خۆی (بەهاوسەرێکی گونجاو) چونکە خوا هەمیشەو بەردەوام فراوانگیرو دانایە.

**هەروەها فەرمویەتی :** ﴿ إِنْ يَعْلَمِ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمْ خَيْرًا يُؤْتِكُمْ خَيْرًا مِمَّا أُخِذَ مِنْكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ [ الانفال : ٧٠ ] واتا : ئەگەر خوا خێر لە دڵەکانتاندا بەدی بکات، ئەوە زۆر لەوە باشترتان پێ دەبەخشێت کە لێتان وەرگیراوە، (ئەگەر باوەڕ بهێنن) لێتان خۆش دەبێت، خوایش لێخۆشبوو میهرەبانە.

**وە فەرموویەتی :** ﴿ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا * وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا ﴾ [ الطلاق : ٢-٣ ] واتا : ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە خوا دەرووی لێ دەکاتەوە * لە شوێنێکەوە ڕزق و ڕۆزی پێ دەبەخشێت کە حسابی بۆ نەکردبێت و خۆی پێی نازانێت، جا ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت، ئەو زاتەی بەسە، بۆ ئەوەی یاریدەدەری بێت، چونکە بەڕاستی خوا کارو فەرمانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بێگومان خوا بۆ هەموو شتێک نەخشەیەکی دیاریکراوی بڕیارداوە (کە دەبێت پەیڕەوی بکرێت).

خوای گەورە کارەکانت بۆ ئاسان بکات، و دەرووی خێرت لێ بکاتەوە، ولەجێگایەکەوە ڕزق ورۆزیت بدات کە حسابت بۆ نەکرد بێت .

خوای گەورەش لەهەمووان زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەری ئیسلام پرسیار و وەڵام